

پێرس

# پراگماتی.. کارگەرایی فەلسەفەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی

ئیدریس جەبار

پراگماتی زیاتر وەك زاراوەیەك بۆ هەندێك هەڵسوكەوت، یان سیاسەتێكی دیاریكراوی خۆرئاوایی لەنێ و باس و مشتومرە فكری و سیاسییەكاندا بەكاردەهێنرێت، بەڵام فەلسەفەیەكی زانستییەو لەگەڵ روحی ماتریالیزمی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، وابەستەی پەرەسەندنی پەیرەوەكانی توێژینەوەی زانستی و ئاراستەی واقعبینی هاوچەرخ بوو.

لەئەمریكاوە بەئاراستەیەكی سەرمایەداری دامەزرا، لەگەڵ ماركسیزمدا لەگەرانەوە بۆ مادەو واقیع و بەكارهێنانی شێوازی زانستیی یەكانگیرە، بەڵام لەناوەرۆك و واتا كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەكاندا جیاوازییەكی ئەوتۆیان هەیە، چونكە پراگماتی فەلسەفەی كۆمەڵگەی سەرمایەداریی دەگەیەنێت.

لەرووی زمانەوانییە، پراگماتی وشەیەكی گریكییەو مانای كاری بەسود «كارگەرایی» یان مامەڵەیەكی بەكەڵك دەگەیەنێت و بەئاراستەی چەسپاندنی مەزهەبێكی «پراكتیكی» یان «سودمەندبوون» و لەنێو تاكو كۆمەڵگەدا كاردەكات.

پراگماتی لەگەڵ ئایدیالیزمداو تاوتوێكردنی كێشەی نێوان فیكرو واقیع رەتدەكاتەوە، چونكە فەیلەسوفەكانی دەیانەوێت تیۆری مەعریفە، بكەنە میكانیزمی كارو ئامرازێك بۆ سود وەرگرتن لەواقیع و دەستبەسەرداگرتنی نەك دروستكردنی ناكۆكی لەبارەیەوە، بۆیە پراگماتی پەیرەوێكی زانستییە بەر لەوەی فەلسەفەیەكی میتافیزكی بێت، شێوازی كاركردنە بەر لەوەی تەنیا دەرخستەیەكی عەقڵانی بێت، بەهای فكر بەلای پراگماتییەوە لەسروشت و ناوەخندا دەرناكەوێت، بەڵكو لەو دەرئەنجام و كاریگەرییە پراكتكییەكەوە دەردەكەوێت، كەلەژیاندا سودمان پێدەگەیەنن.

### مەزهەبێكی پراكتیكی

پراگماتی وەك مەزهەبێكی پراكتێكی و سودبەخش لەسەرەتای سەدەی بیست لەئەمریكاوە سەریهەڵدا، بڵاوبوونەوەی بەكارهێنانی شێوازی زانستی كەسودو قازانجێكی پراكتیكی لێكەوتەوەو بووە مایەی پێشكەوتنی پیشەسازیی، تواناكانی مرۆڤی بۆ تێگەیشتن لەسروشت و كۆنترۆڵكردن و سود وەرگرتن لێی گەراندەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پراگماتی، سیستمی سەرمایەداریی وەك زەویەكی بەپیت بۆ نەشونماكردن و گەشەكردن دۆزییەوە، چونكە سیستمی سەرمایەداریی بەشێوەیەكی گشتی لەسەر بنەمای كێبركێی ئازادانەی نێوان تاكەكانی پێكهاتووە كەوابەستەی كاری بەرهەمهێن و بەسودە، ئەو سیستمە سەرمایەدارییەش جەخت لەئاراستەی ئەمریكاییەكان دەكاتەوە-نەك هەر تەنیا بۆ تێگەیشتن لەخودی واقیع، یان گەران بەشوێن مەودای لەپێشبوونی فكر بەسەر واقیع، بەڵكو وەك ئاراستەیەك بۆ تێگەیشتن لەواقیعو بەكارهێنان و كۆنترۆڵكردنی و هەوڵدان بۆ سود وەرگرتن لێی.

هەر لەبەرئەوە، دامەزرێنەرانی ئەو مەزهەبەو زۆربەی فەیلەسوفە ئەمریكاییەكان كەبیروباوەرەكانیان لەجیهاندا بڵاوبوونەوە، لەدەرەوەی ئەمریكاش لایەنگرێكی زۆریان بۆ پەیدابوو.

پێرس فەیلەسوفی ئەمریكایی و دامەزرێنەری یەكەمی ئەو مەزهەبە كەتەنیا بیرۆكە سەرەتاییەكانی دانا، بەپێویستی دەزانێت هەموو بیرۆكەیەك سەرەتاو رێخۆشكەر بێت بۆ ئەنجامدانی كارێك.

«ولیام جیمس» كەمەزهەبەكەی بنیاتناو لەدوای پێرسەوە هات، كارو سودی وەك پێوەرێك بۆ راستییەكان و بەڵگەی دروستی بیرۆكەكان لەقەڵەمدا، دوای ئەویش «جۆن دێوی» هات و هێندی تر پراگماتی دەوڵەمەند كرد، عەقڵی وەك ئامرازی كارو میكانیزمێك دانا بۆ سود وەرگرتن.

دامەزراندنی پراگماتی لەلایەن «پێرس» و خوێندكارەكانییەوە

سەبارەت بە «چارلس پێرس» (١٨٣٩-١٩١٤) دامەزرێنەری یەكەمی پراگماتی، مامۆستا بوو لەزانكۆی هارفاردی ئەمریكاو سەرسام بوو بەكانت و بایەخێكی قوڵی بەزانستی لۆژیك و ئاكار دەداو لەكاتی تاوتوێكردنی كێشەكانی مەعریفە، یەكەم كەس بوو لەفەلسەفەی هاوچەرخدا، وشەی «پراگماتی» داهێنا.

پێرس بریاریدا لەعەقڵماندا چەند بیرۆكەیەكی جیاجیا دروستبكات، كەلەجیهانی دەرەوەدا بەرامبەری مادی هەبێت، راستی و رەوانی، یان چەوتییان لەمەودای پراكتیزەبوون یان پراكتیزە نەبوونیاندا، لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بۆیان دەركردە پێوەر.

لەهەمانكاتدا هەندێك بیرۆكە لەنێو عەقڵماندا هەن، كەبەرامبەری مادییان نییە، كەواتە دەبێت بەچ پێوەرێك بریار لەسەر راستی، یان چەوتی ئەو بیرۆكانە بدەین؟ لەوەڵامدا پێرس دەڵێت «ئەو بیرۆكانە گەر رێخۆشكەر بوون بۆ ئەنجامدانی هەڵسوكەوتێكی پراكتیكی، بەئامانجی بەدیهێنانی سودێكی تەواوەتی، ئەو كات راست و رەوان دەبن و بەپێچەوانەشەوە، چەوت و نادروستن.

ئاینیا
والا
گۆڤارێكی فكرییە دوومانگ جارێك دەردەچێت
ژمارە (٣٨)
نیسانی ٢٠١٣ سالی نۆیەم

بۆ نمونە بیرۆکەی بوونی خوداوەند، راستە یان چەوت؟ ناتوانین بەشوێن بەڵگەیەکی مادیی دەرەکیدا بگەڕێن، تا لێوەی بریار لەسەر گونجاندنی بدەین و دڵنیابین لە راستی ئەو بیرۆکەیە، بەڵام دەتوانین لەرێی ئەو کاریگەرییانەی بیرۆکەکە دروستی دەکات، بریار لەسەر راستی، یان چەوتییەکەی بدەین، کاریگەریی ئەو بیرۆکەیە چ هەڵسوکەوتێکی پر ا کتیکی لا ی تاك و كۆمەڵگە دروستدەکات، بروای تاك بەبیرۆکەی بوونی خوداوەند، وایان لێدەکات چاکە بکەن و مامەڵەکانیان باش بێت و کارو کرداری دروست ئەنجامبدەن و هەماهەنگی و هاوکاری کەسانی دی بکەن، هەموو ئەوانە سیماو شێوازی هەڵسوکەوتێکی پراکتیکی بەسودن، بۆیە بیرۆکەی بوونی خوداوەند راستەو هەڵە نییە.

بەوشێوەیە پێرس بیرۆکەکان دەکاتە بەڵگەیەك بۆ کارو ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و هاندانی چالاکییەکان، خودی بیرۆکەکان بەلای ئەوەوە راستی و چەوتییان دەرناکەوێت، بەڵکو تەنیا پرۆژەیەك یان پلانێکی کارن، گەر پرۆژەکە یان پلانەکە لەبەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانیدا بەشێوەیەکی پراکتیکی سەرکەوتوبوو، ئەوا بیرۆکەکە راستە، بەڵام گەر هیچ ئامانجێکی بەدینەهێنا، ئەوا هەڵەیە.

بەو شێوەیە دەبینین «پێرس» چۆن گۆرانکاری بەسەر چەمکی راستی و چەوتیدا هێنا، کەپێشتر فەیلەسوف و زانایانی لۆژیك پەیرەویان دەکرد، ئەو راستی، یان چەوتی بەدەرەنجامە پراکتیکییەکانی خودی بیرۆکەکانەوە وابەستە دەکات.

بەوشێوەیە «پیرس» هەموو ئاراستەیەکی میتافیزیکی یان ئایدیالیستی رەتکردەوە، ئاراستەیەکی پراکتیکی سودبەخشی بۆ خۆی هەڵبژارد، کەدواتر کاریگەریی بۆ سەر «ولیام جیمس» دووەمین فەیلەسوفی پراگماتی و «جۆن دێوی» هەبوو.


ولیام جیمس

## ژیان و بەرهەمی ولیام جیمس

لەساڵی (١٨٤٢) «ولیام جیمس» لەخانەوادەیەکی ئەمریکایی دەوڵەمەندو ئاینپەروەر لەدایکبوو، خوێندنی فەلسەفی و زانستی تەواوکردو لەزانگی هارفارد دکتۆرای لەپزیشکیدا بەدەسهێنا، دواتر لەهەمان زانکۆ بووە مامۆستای فسیۆلۆژیاو توێکاری.

رەنگە هەر ئەو خوێندنە هۆکاری سەرەکی بروای جیمس بێت بەبەهای پەیرەوی ئەزمونگەرایی و پێویستی شوێنکەوتنی شێوازی زانستی، پسپۆڕی شارەزابوونی پێشوی وایکرد بەشێوەیەکی ئەزمونگەرایی، زانستی سایکۆلۆژی بخوێنێت، دواتر ببێتە مامۆستای ئەو بوارە، کەگۆرانکارییەکی ریشەیی گرنگی تێدا دروستکرد.

پاشان بەشێوەیەکی قوڵ دەستیکرد بەخوێندنی فەلسەفەو بوو بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئەمریکایی لەسەدەی بیستدا.

تەواوکاریی لەمەزهەبی پراگماتیدا کرد، کەپێشتر پێرس دەستپێکردبوو، ولیام جیمس پیاوێکی دەوڵەمەندو خاوەن زانستێکی زۆربوو، بەو هۆیەوە توانی زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکان بگەرێت و چاوی بەبیریاران بکەوێت و لەزانکۆکانی ئەوروپادا بلێتەوەو، پێگەیەکی زانستی باس لەو سەردەمەدا بۆ خۆی دابیرێت.

جیمس لەساڵی (١٩١٠) کۆچی دوایی دەکات و میراتێکی فکری زۆر لەپاش خۆی جێدەهێڵێت، کەکاریگەرییەکی قوڵیان بۆسەر رێرەوە فەلسەفییەکانی سەردەم دەبێت.

بەناوبانگترین نوسینەکانی بریتین لە» بنەماکانی زانستی سایکۆلۆژی» لەدوو بەرگی گەورە کەلەساڵی (١٨٩٠) دا نوسیویەتی و تێیدا ناکۆکە لەگەڵ تێروانینە کۆنەکان، کەعەقڵ بەنێگەتیف دادەنێن و وایدەبینن، تەنیا کارلێکەکان وەردەگرێت و بیرۆکەکان بەشێوەیەکی میکانیکی وابەستەی دەبن، بەڵام جیمس عەقڵ بەئامرازێکی پۆزەتیف بۆ چالاکییەکی کاریگەر دادەنێت، کە مرۆڤ لێوەی دەتوانێت

خۆی لەگەڵا ژینگەدا بگونجێنێت، عەقڵ بەلای ئەوەوە وابەستەی هەڵسوکەوتێکی پراکتیکی سودبەخش دەکرێت.

دووەم گرنگترین کتێبی جیمس «پراگماتیزم»ە کەلەساڵی (١٩٠٧) نوسیویەتی و تێیدا بەشێوەیەکی کۆتایی فەلسەفە تایبەتەکەی خۆی دیاریکردوە، تیۆری خۆی و سەبارەت بەواتاو راستییەکان دەخاتەروو، بیرۆکەکە وابەستەی هەڵسوکەوتێکی پراکتیکی سودبەخش دەکات.

وێرای ئەوانە، ولیام جیمس چەند نوسینێکی گرنگی تری هەیە کەبریتین لە» خواستی بروا (١٨٩٧)و ئەزمونی ئاینی (١٩٠٢) و هەندێك مەسەلەی فەلسەفی (١٩١١) و چەند کتێبێکی تر».

ولیام جیمس، حوکمی عەقڵ بەپێوەرێك دانانێت بۆ دەرخستنی راستییەکان، بەڵکو هەڵسوکەوتی پراکتیکی و دەرەنجامەکانی، لەو بارەیەوە جیاکاری لەنێوان جۆر راستیدا دەکات.

هاوتابوونی راستیەك لەگەڵ واقیعی دەرەکیدا یەکانگیربێت و حاڵەتێکی دروست وەربگرێت، راستییەکەی دی لەسەرهەوڵدان بۆ دەستخستنی خودی راستی و سود وەرگرتنێکی پراکتیکی بەندە، بەچەشنێك کێشەکە، راستەو بیرۆکەکە دروستە، گەر دەرەنجامی پراکتیکی سود بەخشییان لێبکەوێتەوە.

ولیام جیمس لەو رووەوە، وەك ئامرازێك بۆ دڵنیابوون لەبیرۆکەکان و دەرەنجامە پراکتکییەکانیان، سودی لەپەیڕەوی ئەزمونگەرایی وەرگرتوە.

هەر لەبەرئەوەش ولیام جیمس رەخنەی لەشوێنکەوتوانی مەزهەبی ئایدیالیستی گرتوە، کەلەزەینماندا بڕیار لەسەربوونی وێنەی عەقڵی شتەکان دەدەن، ئەو دەڵێت:» بوونی ئەو وێنانەو نەبوونیان هیچ کاریگەرییەکەیان نییە بۆ سەر پێشخستن، یان دواخستنی راستییە واقیعییەکان، هەروەها بەهیچ چەشنێك کاریگەرییان بۆ سەر سروشتی خودی ئەو شتانە نییە، ئەوەی پێویستە لێرەدا هەوڵدانە بۆ دەستخستنی راستییەکان و سود وەرگرتن لێیان بەشێوەیەکی پراکتیکی.

بۆنمونە بوونی وێنەی عەقڵی ئاگر لە زەینمداندا، ناتوانێت دارو کاغەزی پێبسوتێنرێت، هەروەها بوونی وێنەی عەقڵی ئاو، ناتوانێت ئاگرێکی بڵێسەدار بکوژێنێتەوە، ئەو جۆرە وێنانە بەبروای جیمس هیچ بەهایەکیان نییە، چونکە بەشێوەیەکی پراکتیکی کاریگەرییان بۆسەر ژیانمان نییەو دەرەنجام ئاکامی تەواوەتییان لێناکەوێتەوە.

هەر لەبەرئەوە دەبینین ولیام جیمس گفتوگۆکردن لەسەر کێشە میتافیزکییەکانی وەك ئایا یەك جیهان، یان چەند جیهانێکی زۆر هەیە؟ ماددیە یان رۆحی؟ ئایا مرۆڤ ئازادە یان پەیوەندکراوە، رەتدەکاتەوە لەگەڵ کێشە غەیبییەکانی تر، کەدەرەنجامێکی پراکتیکی سودبەخشیان لێناکەوێتەوە، کەبەبروای ئەو ناراستن.

ولیام جیمس گەیشتوەتە ئەو دەرەنجامەی کەراستی ئەوەیە لەژیاندا بەرەو سەرکەوتنمان دەبات، بیرۆکەی راستیش ئەو بیرۆکەیەیە، کەرێرەوەکانی سەرکەوتنی پراکتیکی دەدۆزێتەوەو دەبێتە ئامرازێك بۆ پێکهێنانی ژیان میکانیزمێك بۆ دەستبەسەرداگرتنی و ئاراستەکردنی بەرەو قازانج و سودگەیاندن بەمرۆڤ.

**سەرچاوە:**


١- الموسوعة الفلسفية المختصرة، دار القلم.

٢- المذاهب الفلسفية المعاصرة، سماح رافع محمد.




جون دیوی،